گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# رووپێوی شوێنەواری و کەلەپووری لە شارۆچکەی شەقڵاوە
## (نمونەی هەڵبژێردراو)

**ئارام فاروق عبداللە**
بەشی شوێنەوار, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
aram.faruq@su.edu.krd

**د.عبداللە بكر عثمان**
بەشی شوێنەوار, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق
Abdullah.othman@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Archaeological Survey, Aims and recent Techniques, Data indicate and Analysis of Sites.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.21

**پوختە**

ڕووپێوی شوێنەواری و کەلەپووری لە ناوەندی شارۆچکەی شەقڵاوە لەرووی پراکتیزەکردن و پشکنینی شوێنەواری بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەوەی پێگە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بنەوە بە کەرەستەیەکی گرنگی بابەتە پێویستییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە مێژوویی و شوێنەوارییەکان، لەلایەکی تریش دەبنە هۆشیارکردنەوەیەک بۆ ئەوەی پێگەکان پارێزگاریان لێ بکرێت و بەدووربن لە وون بوون و زێدەڕۆیی بۆسەر پێگە شوێنەوارییەکان لەلایەن کەسانی ناپسپۆرۆ و نەشارەزا. ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئەنجامدانی ڕووپێوی شوێنەواری وکەلەپوری بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی ناوەندی قەزای شەقڵاوە، بەشێوەی مەیدانی لەو سنوورە بەشێوازێکی ئەکادیمی و تایبەت ئەنجام بدرێت ؛ کەتیشک بخاتە سەر لایەنی مێژوویی و جوگرافی ناوچەکە، ئامانجی سەرەکی دۆزینەوە و تۆمارکردن و پاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلەپووریەکانە لەڕێگای کاری مەیدانی و پشکنینی ناوچە شوێنەوارییەکانە وەکو گردی شوێنەواری، ئەشکەوت، پەناگە، خرابە، نشینگە، مەزارگە، گۆڕستان، قەڵاو شورای شوێنەواری، پاشان تیشک دەخاتە سەر کاری ڕووپێوی کۆن و نوێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ناوچەکەدا ؛ لە کۆتایی دا تیشک دەخاتە سەرئەنجامدانی ڕووپێوی لە گرنگترین ناوچە شوێنەواری و کەلەپووریەکانی ناوەندی قەزای شەقڵاوە، ئەم بابەتە بۆ شوێنەوارناسان گرنگە بۆ دەرخستنی شارستانیەت لە کۆندا.

## 1.پێشەکی:

ڕووپێوی شوێنەواری بە هەنگاوی یەکەم و سەرەتایی دادەنرێت بۆ دەستنیشانکردن وتۆمارکردن و دۆزینەوەی پێگە شوێنەوارییەکان، وەلە کەرەستەیەکی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بووەتە پێویستییەکی گرنگ وسەرەکی، هەروەها سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەی ڕووپێوی شوێنەواری لەو کاتەوە بووە کەوا کاری پراکتیزەکردنی شوێنەواری لەدۆزینەوەی پاشماوە کۆنەکان بووە شێواز و فۆرمێکی زانستی ڕێکخراو، لەدوایدا ئەم پرۆسەیە بووە مەرجێک لەپێش ئەنجامدانی کرداری ڕووپێوی کردنی هەر ناوچەیەک وەکو پێویستیەکی گرنگ لەپێش پرۆسەی کنەو پشکنین ئەنجام بدرێت بۆئەوەی لەڕووی ئەکادیمی و کردارییەوە بەرهەمی هەبێت.

ناوەندی قەزای شەقڵاوە وەکو هەر ناوچەیەکی تری هەرێمی کوردستان و عێراق بەیەکێک لە ناوچە گرنگەکانی شوێنەواری دادەنرێت، چەندین پێگەو پاشماوەی شوێنەواری پڕ بایەخی هەیە کە هەندێکیان دەگەڕێنەوە سەردەمی چاخەکانی بەردینی ناوەڕاست و سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی کۆن و سەردەمی سەرەتای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناوچەکە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا قەزای ناوەندی شەقڵاوە وەکو نمونەیەک لە ژێر ئەنجامدانی پرۆسەی ڕووپێوی شوێنەواری چەند پێگەیەکی هەڵبژێردراو وەرگرتووە، ئەگەرچی لە رابردوودا کەمترین پرۆسەی ڕووپێوی لێ کراوە،واتە لە ساڵی ١٩٤٥ تاوەکو ئێستا لەم ناوچەیە بۆی نەکراوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری ڕامیاری یاخود نەبوونی دەرفەت بۆ کەسانی شارەزا ڕێگا نەدراوە بەئەنجامدانی پرۆسەی ڕووپێوی شوێنەواری لە دەڤەرەکە تاوەکو پراکتیزە بکرێت، ئەمە جگەلەوەی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کاری ڕووپێوی شوێنەواری بۆ پێگە شوێنەوارییەکان کراوە، هەروەها لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سالانەی دوایدا لەلایەن چەند تیمێکی شوێنەواری بیانی تاکو نزیک سنووری کارگێری قەزای شەقلاوە کاری ڕووپێوی کراوە ،بەلام بەداخەوە بەهۆکاری بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەرفەت نەبووە بۆ تیمە بیانییەکانی تر بەردەوامی بەکرداری ڕووپێوی لە ناوچەکە بدەن بۆئەوەی لێکۆلینەوەکانیان لەسەر ناوچەکە ببێتە بابەتێکی گرنگی شوێنەواری.

## 1.2 گرنگی بابەتەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە لەلایەک دەبێتە کەرەستەیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شوێنەواری ؛ لەلایەکی تردا داتاو زانیاری گرنگ بەردەست و فەراهەم دەبێت لەسەر دەڤەرەکە، هەروەها وەکو ئامرازێک دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت بۆ نیشاندانی قۆناغەکانی گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤ بە فۆرمێکی تایبەتی کرۆنۆلژیای شوێنەواری، وەکو نمونە نیشاندانی لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی و کارگێری و ڕامیاری ناوچەی لێکۆلینەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا، ئێمە بەهۆی ڕووپێوی شوێنەواری و دۆزینەوەی ئەو کەرەستەو ئامرازانەی لە ئەنجامی ئەو ڕووپێوییە وەکو وێنەی مانگە دەستکردەکانی کۆرۆنا و گۆگل ماپ ئەتوانین سەرەتایەکی باش دەست نیشان بکەین دەربارەی سەردەم و چاخە جیاوازەکان و دۆزینەوەی پێگەی شوێنەواری گرنگ کە دەبێتە داتایەکی سەرەتایی گرنگ دەربارەی مێژووی دێرینی ناوچەکە

## 1.3 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بۆ ئەوەیە کەوا دیدگا و بەرچاوڕوونی تەواو نیشان بدات لەسەر گوزەرکردنی قۆناغە هەمەچەشنەکانی شارستانیەت لە ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی پێوەرە ئەکادیمیەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە کەرەستەیەکی گرنگی توێژینەوەی شوێنەواری و مێژوویی ناوچەکە، کەوا لە رابردوودا تەواو پشتگوێ خراوە، لەگەڵ تۆمارکردنی چەندین پێگەی تازەی شوێنەواری کەوا لە ڕابردوودا لە هیچ ئەتڵەس وڕووپێوییەک تۆمارنەکراون. ئەمەش زیاتر بۆ مەبەستی پاراستنی پێگەکان لە مەترسی وون بوون و لەناوچوون بەتێپەڕبوونی کات بەهۆی پەرچەکرداری کاریگەری مرۆیی و سروشتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.4میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەدوو رێکاری زانستی بەستووە، یەکەمیان لایەنی تیۆری لەسەر بنەمای داتاو زانیاری سەرچاوەکانی پەرتوک و توێژینەوەکان، دوومیان لایەنی مەیدانی لەخۆدەگرێت کە بریتی یە لە گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە و دیاریکردنی پێگە شوێنەوارییەکان بەهۆی شی کردنەوەیان لەڕێگای وێنەو نەخشە و خشتە و زانیاری زانستی یەوە هەروەها بەکارهێنانی چەند بەرنامەیەکی نوێ وەکو (GIS) و (GPS Essential ) و Google Earth ) Pro) بۆ نیشاندان و دەستنیشانکردنی پێگە شوێنەوارییەکانی قەزاکە.

## 1.5 پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە خۆی لەچەند تەوەرەیەک دەبینێتەوە، لەسەرەتادا توێژەر باس لە دەروازەیەکی جوگرافی وناو و مێژووی قەزای شەقلاوە و سنووری ناوچەی توێژینەوە دەکات، لەتەوەری دووەمدا باس لە تازەترین ئامراز و ئامێرەکانی ڕووپێوی شوێنەواری و لەگەڵ ئامانج و سوودەکانی و مێژووی ڕووپێویکردن لە قەزاکە باس دەکات، لەبەشی کۆتایدا تایبەتە بە کرداری پرۆسەی ڕووپێوی شوێنەواری و کەلەپوری لە پێگەکان لەڕێگای سەردانیکردنی کاری مەیدانی ناوچە شوێنەوارییەکان و پۆلێنکردن ودیاریکردنی جۆری شوێنەوارەکان ونیشاندانی شوێنگەی جوگرافی و باسکردنی پێگەکان لەڕووی پاراستن و دوورخستنەوەیان لە مەترسی وون بوون و زێدەڕۆیی لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان.

## 1.6 پوختەی مێژووی ڕووپێوی لە عێراق دا:

باشووری کوردستان وەکو بەشێکی سەرەکی شوێنەواری وکەلەپوری لەڕووی گرنگی پاشماوەی شوێنەواری و کەلەپوری لە عێراق هەژماردەکرێت، بەشێکی زۆری ناوچەکانی خوارووی عێراق کاری ڕووپێوی شوێنەوارییان بۆ ئەنجامندراوە بەڵکو تەنها بەشێوازێکی هەڕەمەکی ونازانستی پاشماوە شوێنەوارییەکان دەکردەو، لەسەدەکانی ڕابردوودا بەتایبەت سەدەی پازدە و شازدە لەوکاتەی پاشماوە شوێنەوارییەکان بەچاوێکی گرنگ سەیردەکران لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکان لە عێراق، هەروەها لەسەدەی حەڤدە و هەژدە دووبارە لەژێر ناوی کاری ڕۆژهەڵاتناسی بەشێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گروپ و کۆمەڵەی جیاواز بەدوای پاشماوەی بەنرخی شوێنەواری پشکنینیان بۆ ناوچەکان دەکردو لەگەڵ خۆیاندا چەندین پارچەی گرانبەهایان بۆ وولاتی خۆیان گواستەوە و مۆزەخانەکانی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کرد (الدباغ،١٩٨٣،ص٢٢-٢٥) ، وەکۆنترین کاری پشکنین و هەڵکۆڵین لە عێراق دەگەڕێتەوە سەدەی هەژدەیەم لەلایەن تیمە فەرەنسیەکان کەوا بە شێوازێکی سەرەتایی و نازانستی ئەنجامدراوە پاشان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیست دا دووبارە کاری پشکنین و گەڕانی شوێنەواری سەریهەڵدایەوە لە ناوچەکانی نەینەوا و خورساباد پاشان پڕۆسەکە فراوانتربوو بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقی گرتەوە (الدباغ،١٩٨٣، ص٤٠)، لەمەوە دەتوانین پێناسەی ڕووپێوی شوێنەواری بکەین کە بریتییە لە پشکنینی پێگەکەو دەرخستنی پاشماوە بەرچاوەکانی سەر ڕووی پێگەکە و دەوروبەری ناوچە شوێنەوارییەکان ؛ هەر لەبەرئەوەشە کە ڕووپێوی بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت پێش پرۆسەی هەڵکۆڵین ( الطبلي ،٢٠٢١،ص٨)، تاکو ئێستا کاری پشکنین و ڕووپێوی شوێنەواری بەردەوامەو لەگەڵ ئەوەشدا ڕێباز و ڕێکاری زانستی تایبەتی لەخۆگرتووە وەکو شیکاری لەڕێگای وێنەی سێ ڕەهەندی و پشت بەستن بە وێنەی ئاسمانی و بەکارهێنانی درۆنی تایبەت و ئامرازو تەکنەلۆژیای تازە و سەردەمییانە (Navazo &Alfonso,2017,p.5-12).

### 1.7 گرنگی باشووری کوردستان لەڕووی ڕووپێوی شوێنەوارییەوە:

باشووری کوردستان لەڕووی ئەنجامدانی پڕۆسەی ڕووپێوی شوێنەواری و کنەوپشکنین گەشەسەندنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەکی گشتی لە هەولێر و بەتایبەت لەقەزای شەقڵاوە بووەتە جێگای بەیاخ و سەرنجی زۆری شوێنەوارناسان چونکە ئەم ناوچەیەش بێ بەش نەبووە لە گوزەرکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەهۆی بوونی چەندین ئەشکەوت و پەناگەی شوێنەواری گرنگ لە شارۆچکەکە، کە دەگەڕێنەوە سەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاست و سەردەمە جیاوازەکانی مێژوو، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کاری مەیدانی ڕووپێوی شوێنەواری زیاتری پێویستە بۆ ئەنجام بدرێت، سەرەڕای ئەوەی ئەم کارە دەبێتە هەڵدانەوە و نووسینی مێژووی مرۆڤایەتی لەڕێگای هەڵکۆڵین و کنەو پشکنینی شوێنەواری، لەم ساڵانەی دوایدا هەڵمەتی پڕۆسەی شوێنەواری بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندین توێژنیەوەی گرنگی زانستی لەسەر ناوچەکانی هەولێر و دەورووبەری ئەنجامدراون. بەهۆی ئەوەی لە ماوەی پێشوودا بەگوێرەی پێوسیت و بەشێوازێکی جیاواز ئەنجامدانی کاری مەیدانی ڕووپێوی شوێنەواری لە شەقڵاوە پراکتیزە نەکراوە،ئەگەر چی تاکە سەرچاوەی سەرەکی لەسەر ناوچە شوێنەوارییە دیاریکراوەکان لەسەر ئەو دەڤەرە کە ئاماژەی پێکرابێت بریتی یە لەپرۆژەی کارکردنی مەیدانی ئەتڵەسی ناوچە شوێنەوارەکانی عێراق بەناوی ( *Atlas of Archaeological sites in Iraq)* بووە کە لە ساڵی 197٠ لە بەغدا لە چاپدراوە، سەرچاوەکە تەنها ئاماژەی بە تۆمارکردن و دیاریکردنی چەند ناوچە شوێنەوارییەکان داوە لەسەر نەخشەو لەگەڵ نەخشەکێشان و دیاریکردنی ناوچەکە، بێ ئەوەی داتاوزانیاری تەواو بەردەست بخات ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە بە دۆڵی سەخت، چیای بەرز و دارستانی چڕ. لەلایەکی تریشدا لە کتێبی (المرشد الی مواطن الآثار والحضارة)ی هەردوو شوێنەوارناسی بەناوبانگی عێراقی (فؤاد سەفەر و طە باقر) لە ئەنجامی گەشتەکەیاندا بۆ سەرتاسەری شارو شارۆچکەکانی سەرتاسەری عێراق، بۆناوچەشوێنەواریەکان باسی شەقڵاوەیان کردوە ،بەڵام بەهەڵە ناوی پێگەکانیان ئاماژەی پێداوە(فؤادسفر&طەباقر،١٩٦٦،ص١٠)، لەدوای ئەو پرۆژەی تیمە بیانییەکان دێت وەکو نمونە ( *The Upper Greater Zab Archaeological Reconnaissance* ) کەبە ( *UGZAR* ) ناسراوە، کەوا ساڵی دەستپێکی پرۆژەکە لە (٢٠١٥-٢٠١٧)بووە وسنووری کاری ڕووپێوییان بەشی سەرەوەی زێی ی گەورەی لەخۆگرتبوو ، لەدوای ئەوانیش پرۆژەی تر هەبوو کە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری خاپوری لەخۆگرتووە لە ساڵی (٢٠١٤) دەستپێکی کاری پرۆژەکەیە، بەناوی ( *The Eastern Habur Archaeological Survey* ) کە بەناوی ( *EHAS* ) ناسراوە، لەدوای ئەویش پرۆژەیەکی تر لەلایەن تیمە بیانییەکان ئەنجامدراوە بەناوی ( *Erbil Plain Archaeological Survey* ) کەوا ناسراوە بە ( *EPAS* ) ، سنووری هەولێر و دەوروبەری گرتۆتەوە، ساڵی(٢٠١٢) دەستپێکی پرۆژەکە بووە، لەدوای ئەمەشدا پرۆژەی تری ڕووپێویکردنی شوێنەواری ئەنجامدراوە لەلایەن تیمە بیانییەکان بەناوی ( *The Land of Nineveh Archaeological Project* ) کە ئەمەش ناسراوە بە ( LoNAP )، ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) دەستپێکی کاری پرۆژەکەبووە لەناوچەکەدا، سنووری پرۆژەکە هەر لە ناوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوچەکەوە وەرگیراوە کە شاری نەینەوایە، ئەمانە هەموو بریتین لە کاری پرۆژەی ڕووپێویکردنی شوێنەراری کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون بەشێوەیەکی گشتی. واتە بێ ئەوەی هیچ کنەو پشکنینی شوێنەواری بۆ ناوچەکان بکرێن، لیست کردنی ناوچە شوێنەوارییەکان بەگوێرەی سەردەمەکان ئەنجاندراوە بەشێوازێکی کرۆنۆلۆژیایی، هەروەها نەخشەی ئەتلەسی ناوچە شوێنەوارییەکانی عێراق بۆ هەموو ناوچەکان جیۆریفرێنس دروستکراوە ئەمەش زیاتر بۆ ئاسانکردنی ناسینەوەی ناوچە شوێنەوارییەکانە. لەبەر ئەوەی دیاریکردنی سەردەمی نیشتەجێبوونی ناوچەکان هەمیشە بەشێوازێکی زۆر وورد نەبووە، بۆیە پێویست بوو سەرچاوەی تری زانیاری بەکار بهێنرێت، وەکو نمونە بەکارهێنانی گرتنی وێنەی سەتەلایتی کەوا بەخۆرایی بەردەستە لە سایتی ئەتلەس کۆرۆنا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( *Corona Atlas* ) و نەخشەی گۆگڵ ( *Google Earth* ).بەرنامەی کۆرۆنا ، لەسەرەتادا پرۆژەیەکی تایبەت بووە بەسیخوری کردن لەڕێگای وێنەگرتنی سەتەلایتی بەشێوەی وێنەی ڕەش و سپی ناوچەکانی گۆی زەوی لە ساڵی ( ١٩٦٠-١٩٧٢ ) ئەنجامدراوە( Fowler, 2013, p.46-66 ).

## ٢. ناساندن و دیاریکردنی ناوچە و بابەتی لێکۆڵینەوە :

### ٢.١ لایەنی جوگرافی قەزای شەقڵاوە:

لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە قەزای شەقڵاوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٤٣،١٢،٤١) پلە ڕۆژهەڵات و( ٤٤،٤٦،١٢) پلەی ڕۆژئاوا ، وەهێلی درێژی (٤٣،٥٢،٣) پلە باکوور و (٤٤،١٧.٢١) پلە باشوور ( عبدالفتاح ، ٢٠٢٣،لا ٧)، لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە نزیکەی(٤٥کم) دوورە لە پارێزگای هەولێر، یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر، پێگەی جوگرافی قەزای شەقڵاوە وایکردوە ببێتە ئەلقەیەک بۆ بەستنەوەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک (نەخشەی ژمارە ١). قەزاکە ڕووبەرەکەی نزیکەی (١٤٧٢،٩)کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە تێکرایی (١٠،٢%) ڕووبەری پارێزگای هەولێر پێک دەهێنێت (الجباري ، ٢٠١٦ ، ص٢٣) ،لەڕووی پێکهاتەی کارگێری، قەزای شەقڵاوە لەڕووی کارگێرییەوە یەکێکە لە قەزاکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارێزگای هەولێر، هەر لە سەرەتا بوونی بە قەزا لە ١/ئایار/١٩٥٢، زنجیرە چیای سەفین وەکو پشتێنەیەک لە قەزاکە درێژبۆتەوە تاکو نزیک سنووری قەزای کۆیە ( سەعید ،٢٠١١،لا٢٥).




نەخشەی ژمارە (١) شوێنی ئەسترۆنۆمی وجوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان.
سەرچاوە : سۆران عبدالفتاح ، تێزی دکتۆرا ،٢٠٢٣ ، لا ٧.

## ٢.٢ ناو و مێژووی شەقڵاوە :

ناوی شەقڵاوە لەسەردەمە جیاوازەکاندا چەند گۆڕانکارییەکی بەسەرهاتووە تا گەیشتنی بەم ناوەی ئیستای، بیرو ڕای جیاواز هەیە لەلایەن گەریدە ومێژوونوسان لەسەر دروست بوونی ناوەکە، بۆنمونەلەلاین جوگرافیناسی کۆنی عەرەبی(یاقوت الحموي)بەناوی (شقلاباذ)هاتووەکە لەوسفی ناوچەکەدا دەڵێت : " شارێکی جوان و دڵگیرە ، دەکەوێتە دامێنی چیایەک، کەبەسەر ( ئەربل) درێژبۆتەوە، خاوەنی میوەی ترێ و باخچەی زۆر و بەپیت و بەرەکەتە، بەرهەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ترێیەکەی بەدرێژای ساڵ بۆ ( ئەربل ) دەگوازرێتەوە و بەشیان دەکات؛ دووری نێوانی ( ئەربل ) و ( شەقلاباز) هەشت ( فەرسەخ ) (یەک فەرسەخ سێ میل ) دەبێت (الحموي ،١٩٩٥،ص٣٥٥) ، هەروەها مێژوونوس ( ابن عبدالحق البغدادي ) لە ساڵی ( ١٣٣٨ ز) وەسفی ئەم شارەی کردوە ، کە ئەویش پشتی بە سەرچاوە و زانیاریەکانی ( یاقوت الحموي ١١٧٨ز) بەستوە لەگەڵ کەمێک دەستکاریکردنی زانیاریەکە، کەوا نووسیویەتی ( شقلاباذ) وەکو ئاماژەکردن بۆ شارەکە: " گوندێکی گەورەیە دەکەوێتە دامێنی چیایەک ، کە بەسەر ( أربیل ) دا درێژبۆتەوە، خاوەنی ترێ و باخچەی زۆر و بە پیت و بەرەکەتە ، ترێیەکەی بە درێژایی ساڵ بۆ ( ئەربل) دەگواسترێتەوە،وە نێوانی ( ئەربل ) و ( شقلاباذ) هەشت ( فەرسەخ ) دەبێت ( البغدادي،١٩٩١،ص٨٠٦) ، هەروەها لە هەندێک سەرچاوەی تر بەناوی ( شقلاباد) ئاماژەکراوە، ئەمەش واپێدەچێت کەوا هەڵەی بەکارهێنان و نەقل کردن و چاپکردن بێت، هەروەها مێژوونوس ( أبن فضل الله العمري ) ئاماژەی کردوە کەوا ( خفتیان – هاودیان ) و ناوچەی ( الشهرانیة – السهرانیة – سۆرانی ) پارچەیەک یاخود بەشێک بووە ( شقلاباد ) یاخود سەر بە ناوچەی ( شقلاباد ) بووە (العمري،٢٠٠٢،ص٢٥٦) ، لەگەڵ ئەوەش دا بۆچونی تر هەیە کەوا ووشەی شەقڵاوە بەناوی باپیری ( خانزادی میری سۆران ) کە ناوی میر( شاقولی بەگ ) بووە کەوا ناوبراو بە دامەزرێنەری شاری شەقڵاوە ناوی هاتووە ( گەورانی، ٢٠٠٠،لا١٥٣)، هەندێک بۆچوونی تر هەیە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا ناوی شەقڵاوە لە ئەنجامی شەق بردنی هەردوو چیای سەفین و سۆرک وەرگیرابێت (سەرتاش،٢٠٠٩،لا٣٤٢)، جێگای ئاماژە پێکردنە کەوا هەموو ئەو ناوانەی بەکارهاتوون لە ڕووی ووشەسازییەوە زۆر لەیەکتر نزیکن، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ناوی شارۆچکەکە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم و کەسەکان گۆڕانکاری لە ناوەکە کراوە، وە پێدەچێت بەکارهێنانی ناوەکە بە شێوازێکی جێگیر، دەگەرێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن، بەهۆی ئەوەی لە ( سالنامات ولایەت موصل)ی دەوڵەتی عوسمانی بەهەمان شێوەی ئێستای ناوەکە ئاماژەی پێکراوە وەکو خۆی کە ( شقڵاوە)یە ( خۆشناو،٢٠١٨، لا٨١). سەبارەت بە مێژووی شارۆچکەی شەقڵاوە ، لە ١ / مایسی /١٩٥٢ بە فەرمی کراوە بە قەزا (عبدالله ، ٢٠١٤، ص٢٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣. گرنگترین شوێنە شوێنەواری و کەلەپووریەکانی ناوەندی قەزاکە :

### ٣.١ پێگە شوێنەواری وکەلەپوورییەکان :

### ١. پێگەی ئەشکەوتی کاوانیان ( Site 1 ) :

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە کۆتایی زنجیرە چیای سەفین بەر لەوەی بگەیتە شارۆچکەی شەقڵاوە لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای شارۆچکەی شەقڵاوە، راستەوخۆ لەسەر ڕێگای سەرەکی شەقڵاو-هەولێر بەدووری نزیکەی (٣٠٠م) لەدەروازەی شارۆچکەکەوە دووره (وێنەی ژمارە ١)، ئەم ئەشکەوتە بۆماوەی ڕۆژێک و نیوێک کاری کنەو پشکنینی بۆ کراوە بەڵام بەهۆی سەختی هەڵکەوتەی جوگرافی و هاوکاری نەکردنی لایەنی پەیوەندارەوە ئەشکەوتەکە پشتگوێ خرا. لە گرنگترین پاشماوەکان بریتی بوون لە ئامرازەکانی بەردەئەستێ لە جۆری زەرزیان (زەرزیان بەم بەردە دەگووترێت کەوەکو ئامرازێک لە ئەشکەوتی زەرزیان لە چەمی ڕێزان دۆزرایەوە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست) دۆزرانەوە لە بەشی خوارەوەی دەروازەی ئەشکەوتەکە(Braidwood,1963,p.86)، وەلەلیستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکانی عێراق لە ساڵی (١٩٤٥) ناوی پێگەکە تۆمارکراوە، بۆ یەکەمجار لەلایەن دوو زانای شوێنەوارناسی زانکۆی شیکاغۆ بەناوی ( بریدود و بروس هاو) دۆزرایەوە لە ساڵی ( ١٩٥٤-١٩٥٥) (Koliński,2016,p.16) کەوا ئامرازەکان دەگەڕێنەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست ( ١٥٠٠٠-١٠٠٠٠ پ.ز ) (زاموا،٢٠٠٩، لا٥٨٨)، ئەشکەوتەکە هەر لەدوورەوە خۆی وەکو پەناگەیەکی شوێنەواری خۆی نیشان دەدات( باقر&سفر ، ١٩٦٦،ص١٣)، سەبارەت بە ڕووپێوی ئەشکەوتەکە، ڕووی دەروازەکەی لە باکووره و لە ناوەوە فراوان دەبێتەوە، ئەشکەوتەکە کە لە دوو شێوە ژووری فراوان (Multi-chamber) پێک دێت بە پانی و درێژی جیاواز، شێو ژووری یەکەم (Chamber 1) لای ڕاستی پێگەکە بەرزی دەرزوازەکەی (٥.٤م) و درێژیەکەی (١٠.٢م) و پانی (٧.٤م)هەیە، شێوە ژووری دووەم (chamber 2) لای چەپی پێگەکە بەرزی دەروازەکە(٤.٢م و درێژی(٩.٣م) و پانی (٦.٢م) هەیە، بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە (١٢٤٤م) بەرزە، پێگەکە جگە لە مەترسی کاریگەری سروشتی، لە لایەن خەڵکی ئاسایی ادا کراوەتە پەناگەیەک بۆ حەوانەوەی مەڕوماڵات و هەڵکۆڵینی نازانستی تێدا ئەنجامدراوە لەلایەن کەسانی نەشارەزا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



(وێنەی ژمارە ١) دەروازی ئەشکەوتی کاوانیان بە ئاراستەی باکوور.
سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

### ٢. پێگەی ئەشکەوتی / مەزارگەی ڕەبەن بۆیا ( شێخ سو ڕەحمان ) ( Site 2 ):

ئەم پێگەیە دەکەوێتە قەدپاڵی چیای سەفین کەوا دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی شەقڵاوە، مەزارگەکە بەڕوونی سەردەمەکەی دیارنیە،بەڵام لەلایەن هەندێک لە مێژوونووسان بۆ سەدەی چوارەمی زایینی دەگەڕێنەوە، لەسەر ڕێگای شەقڵاوە-هیران، بەنزیکەیی (٤٥) دەقیقەیەک بە پێ دوورە لە سەر شەقامی سەرەکی، وە نزیکەی ( ١٢٤٤م ) بەرزە لەسەر ئاستی ڕووی دەریا، ئەشکەوتەکە لەلایەن مرۆڤەوە هەڵکۆردراوە بە بەرزی ( ٢٠م) لەسەر ئاستی ڕووی ناوچەکە؛ پێگەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری عێراقی لە ساڵی ١٩٤٥ بە ژمارەی فایلی (٢٤٧ ) تۆمارکراوە و ئاماژە بە مێژووەکەی کراوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە(Salman,1970,p.20)، ئەم ئەشکەوتە یاخود مەزارگەیە، دەروازەیەکی شێوە کەوانەیی هەیە کەوا لەسەر دوولا بنکە دیواری بەردینی ئەستور هەڵچنراوە (وێنەی ژمارە٢)، لەسەرهەردوولای کەوانەکەدا (٨) شێوەچوارگۆشەی پەنجەرەی بچووک هەیە کەوا زیاتر بۆ چاودێری کردن و ڕووناککردنەوەی مەزارگەکە یاخود ئەشکەوتەکە بەکارهاتووە، لەبەشی ناوەوەی دا خۆی لە چوار ژووری تەسک دەبینێتەوە کە لەناوەوەی دا چەندین ژووری تری لێ جیادەبێتەوە، وە بە دیوارێکی ئەستور و بەرز کە لەبەرد و قسڵ دروستکراوە لە دەروازەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەشکەوتەکەدا هەڵچنراوە، لە ژووری دووەم دوو پەنجەرەی شێوە چوارگۆشەی هەیە کە بۆ مەبەستی ڕووناکی بەکارهاتوە، لەگەڵ بوونی دوو تاق لەژێر پەنجەرەکان، لە ژووری سێیەم دا لەبەشی لای ڕاستی دیوارەکەدا دەرچەیەک هەیە لەشێوەی کونەمەتەرێز(وێنەی ژمارە٢)، لەبەشی خوارەوەی پێگەکەدا شێوە حەوزێکی هەیە بۆ مەبەستی گلدانەوەی ئاوی سروشتی ناوچەکە بەهۆی هێنان و دروست کردنی کەناڵی تایبەتی ئاوی بۆ ناوحەوزەکە کە وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتی پێ بەستراوە بۆ کاتی خۆی، زیاتر لەلایەن خەڵکی موسڵمان و کریستیانەکان بۆ مەبەستی گەیشتن بە مرازی تایبەتی خۆیان لەسەر بەردەکەدا دەخلیسکێنن.







( وێنەی ژمارە ٢) دەروازەی سەرەکی ئەشکەوتی / مەزارگەی ڕەبەن بۆیا لە بەشی باشووری ڕۆژئاوا.   سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/٢٠٢٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣. پێگەی ئەشکەوتی / مەزارگەی مار گۆرگیس ( Site 3 ) :**

ئەم ئەشکەوتە شوێنەکەی دەکەوێتە قەدپاڵی چیای سەفین، دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی شەقڵاوە ودەروازەکەی بەسەر دۆڵێکی سەختی بەرز دەڕوانێت ( وێنەی ژمارە ٣)، بەناوی ئەشکەوتی/ مەزارگەی مارگۆرگیس ناوی هاتوە، سەبارەت بەمێژووی سەردەمەکەی تاکو ئێستا بەڕوونی دیارنیە بەڵام لەلایەن خەڵکی بەتەمەنی ناوچەکە واباسکراوە کە گوایە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆناوچەکە، کەسێکی گاور لەترسی خۆبەدەستەوەدان خۆی لەم ئەشکەوتە حەشارداوە( صبري، ٢٠٠٢، ص٢٦) واتە هەمان سەردەمی ئەشکەوتی/ مەزارگەی (ڕەبەن بۆیا)ی هەیە ( الشقلاوي ، ٢٠٠٠،ص١١)، سەبارەت بە وەسفی پێگەکە کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی شەقڵاوە-هیران، بەنزیکەی (١) کاتژمێری پێویستە بۆ گەیشتن بە ئەشکەوتەکە؛ ڕاستەوخۆ کەوتۆتە پشت قایمقامیەتی قەزای شەقڵاوە، ئاراستەی دەروازەی ئەشکەوتەکە ڕووەو باکوورە و درێژیەکەی نزیکەی (٧م) و پانی (٤م) دەبێت، بەرزی ئەشکەوتەکە/ مەزارگەکە (٣م) دەبێت و لەهەردوولای پێگەکە (٣) دەلاقەی شێوەسێگۆشەی هەڵکەندراو لەسەر شاخەکە هەیە لەگەڵ هەبوونی ڕێڕەوێکی تەسک بۆ هاتوچۆکردن، هەروەها (٤) جۆنی یاخود شێوە بازنەیی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا نیشانە و سیمبوڵی خاچ کە تایبەتە بە ئاینی مەسیحی لەسەر لای ڕاستی پێگەکە هەڵکەندراوە؛ ئەمەش بەڵگە
ەیە لەسەر ئەوەی سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ( زخا،٢٠٠١،ص٣١). لەبەشی خوارەوەی پێگەکە چاڵێکی گەورە هەیە کەبۆ مەبەستی خەزنکردن و گڵدانەوەی ئاوی بەفر وبارانی ناوچەکە سوودی لێوەرگیراوە لەگەڵ بوونی کەناڵی ئاوی بەدەست هەڵکەندراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



(وێنەی ژمارە ٣) دەروازەی ئەشکەوتی/ مەزارگەی مار گۆرگیس لەبەشی باکووری پێگەکە
سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

### ٤. پێگەی شوێنەواری گردی زیوەر ( Site 4 ) :

ئەم گردە دەکەوێتە ناوەڕاستی قەزای شەقڵاوە، کەوتۆتە ناو سنووری هۆتێل خانزاد لە شەقڵاوە ، گردەکە بەشێوەیەکی نیمچە بازنەیی هەڵکەوتووەو ڕووبەرێکی تاڕادەیەک فراوانی هەیە نزیکەی (٢ دۆنم) دەبێت؛ بەرزی گردەکە لەئاستی پێدەشتاییەکانی دەوروبەری بەنزیکەی (٢٥م) دەبێت (وێنەی ژمارە ٤)، سەبارەت بە ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی پیاوێکی ناسراوی ناوچەکە لە کۆندا کە ناوی زیوەر بووە (گۆزێ،٢٠١٤، لا١٥)، هەروەها کاریگەری سروشتی کەش وهەوای ناوچەکە و دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری لەسەر گردەکە؛ وایکردوە گردەکە بەرزی خۆی لەدەست بدات، لەکاتی دروستکردن و هێنانی پرۆژەی بیناسازی بۆ ناوچەکە؛ لە ئەنجامی هەڵدانەوەی زەوی گردەکە چەندین گۆزە و گلێنەی گەورەی تێدا دۆزراوەتەوە، کەوا گۆزەکان پڕ بوون لە ئێسک و پروسکی مرۆڤی کۆن. واتە لە سەردەمانێکدا بۆ ناشتنی مردوو گۆزەی گەورە و فراوان بەکارهاتوو (Scurlock, 2002,p.135)، هەروەها پێگەکە لە لیستی شوێنەوارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق تۆمار کراوە بە فایلی ژمارە (٢٥٨) و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە بە ژمارە (٢٣١١) لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/١٠/٨، ئەمەش بەڵگەیە کەوا شارستانیەت و ئاوەدانی لەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوبەید و حەلەف (٤٣٠٠-٤١٠٠ پ.ز) ( Martin,2016 , p.253)، لەناو ئەو گۆڕانەدا زۆرجار هەندێک کەلوپەل دۆزراونەتەوە وەک مووروو، زیو، زێڕ و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشڵی کۆن، کە وەکو بابەتی جوانکاری لەگەڵ مردووەکانیان ناشتوە (Gansell,2007, p.29-46)، سەبارەت بەباری ئەم پێگەیە، بەهۆی ئەوەی پرۆژەی گەشتیاری لەسەر کراوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری تێکچوونی شێوە سروشتیەکەی بەجۆرێک گردەکە نزیک بۆتەوە لەوەی لەگەڵ زەوییەکانی دەورووبەری گردەکە تەخت بێت،




(وێنەی ژمارە ٤) گردی شوێنەواری زیوەر کە بەشێوەیەکی نایاسایی پرۆژەی گەشتیاری لەسەر دروستکراوە.
سەرچاوە : (حمید بەگ،٢٠٢١، لا ١٠٦).

### ٥. پێگەی شوێنەواری کەنیسەی مەریەم پاک ( Site 5 ):

ئەم کەنیسەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە لە بناری چیای سەفین، بە نزیکەی نیو کیلۆمەتر دوورە لە مەزارگەی (ڕەبەن بۆیا) ، وەنزیکەی (٣٠٠م) دوورە لەسەر ڕێگای سەرەکی (هیران – شەقڵاوە)، ناسراوە بە کەنیسەی گردی دێرێ (حمید بەگ،٢٠٢١،لا١٠١)، کەنیسەکە لەسەر گردێکی گەورەیە کەوا لەلایەن ( قەشە بیبۆن ) ئەم شوێنەی دەسنیشان کردوە، بەرامبەر کەنیسەکە گۆڕستانی مەسیحییەکانی لێیە، سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی کەنیسەکە بەتەواوی دیارنیە بەڵام بەگوێرەی قسەی پیاوانی ئاینی مەسیحی شەقڵاوە مێژووی پێگەکە دەگەڕێتەوە سەدەی حەوتەمی زاینی (تۆما،٢٠٢٥،ص٤)، کەنیسەکە لە کۆندا بۆچەندین جار دووچاری ڕووخان و نۆژەنکردنەوە بۆتەوە؛ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم وەکو کۆگایەکی گەنم و دانەوێڵە بەکارهاتووە،سەبارەت بەلایەنی بیناسازی کەنیسەکە؛ لەڕووی هێلکاریەوە شێوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاکێشەی بووە؛ لەکاتی خۆیدا دوو دەرگای هەبووە بەئاراستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵام بەداخەوە دیوارو دەرگای بەشی ڕۆژهەڵاتی کەنیسەکە بەتەواوی نەماوەو ڕووخاوە، پانی هۆڵی کەنیسەکە نزیکەی (٦م) و درێژی ( ١٧م)ی هەیە، بەرزی سەقفەکەی نزیکەی (٥م) و ئەستوری دیوارەکەی نزیکەی (٧٠سم)ی هەیە. هەروەها کەنیسەکە لە یەک چین دروستکراوە و سەقفەکەی شێوەی سێگۆشەی بووە بە درێژای هۆڵەکە( زخا،٢٠٠١،ص٤٣)، وەلەبەرد دروستکراوە و سوود لەبەردی ناوچەکە بینراوە بۆ دروستکردنی لایەنی بیناسازی کەنیسەکە( وێنەی ژمارە ٥)، لەبەشی ڕۆژئاوای کەنیسەکە لە ژوورەوە سەکۆیەکی گەورە هەیە(مذبح القديس)، وەلەسەرەوەی سەکۆیەکە دەلاقەیەکی شێوە کەوانەیی هەیە بۆ مەبەستی جل وبەرگ گۆڕینی قەشە بەکارهاتووە لەکاتی ئەنجامدانی نوێژدا، کە درێژی (٢م) و پانی ( ١م) هەیە.



(وێنەی ژمارە ٥) بەشی ڕۆژئاوای کەنیسەکە لەگەڵ نیشاندانی هۆڵ و بەرزی دیوارەکە.
سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

### ٦. پێگەی شوێنەواری وکەلەپوری مار یوحنا ( Site 6 ):

ئەم پێگەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی شەقڵاوە نزیک لە گەڕەکەکانی مەسیحییەکان، لە کۆندا لەسەر شێوەی ئەشکەوت بووە وەکوشوێنی خەڵوەتگەی پیاو چاکێک،وەلەسەر ئەشکەوتەکە دا کەنیسەیەک دروست کراوە، مێژووی ئەم پێگەیە بەڕوونی دیارنیە، بەڵام هەندێک لە پیاوانی ئاینی مەسیحی باس لەوەدەکەن کەوا مەزارگەکە دەگەڕیتەوە سەدەی (٧)ی زاینی (الشقلاوي،٢٠٠٠،ص٣٦)، وەپێگەکە لە لیستی شوێنە شوێنەوارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی شوێنەواری عێراق تۆمار کراوە بە فایلی ژمارە (٢٥٣) و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە بە ژمارە (٢٣١١) لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/١٠/٨، سەبارەت بە پێکهاتەی مەزارگەکە ؛ خۆی لە ژوورێکی شێوە لاکێشەی دەبینێتەوە، درێژی ژوورەکە (١٣م) و پانی (٥م) هەیە. کەبەدوو قۆناغی جیاواز بنیاتنراوە ؛ لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بەردێکی گەورە هەیە بە پێوانەی ( ١م) هەیە کە بە پاشماوەی  شوێنەواری مەزارگەکە دادەنرێت و لەلایەن مەسیحییەکانی ناوچەکە خراوەتە ناو چوارچێوەیەکی تایبەت بۆ پاراستن و مانەوەی بەردەکە(وێنەی ژمارە ٦)، هەورەها لەلایەن خەڵکی موسڵمان و مەسیحییەکان سەردانی مەزارگەکە دەکەن بەمەبەستی گیرا بوونی نزا و پاڕانەوەیان، وەبۆیەکەمجار لەساڵی ( ١٩٧٢) لەسەر دەستی مەطران اسطفان بابکا ژوورێکی بۆ دروستکردوە لەسەر ئەرکی خۆی، دوای ئەوەی پێگەکە دووچاری ڕووخان بوویەوە لە سەدەکانی ڕابردوو تەنها هەندێک پاشماوەی پێگەکە مایەوە (الصفار ، ٢٠٢٤،ص٣٠١).



(وێنەی ژمارە ٦) مەزارگەی مار یو حنان لەناوەوە.
سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

## ٧. پێگەی شوێنەواری وکەلەپوری مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە ( Site 7 ):

لەڕووی شوێنی جوگرافیەوە دەکەوێتە گەرەکی( دەنگارە) لەسەر ڕێگای سەرەکی ( هیران – شەقڵاوە )، لەسەر دەستی مەحمود بەگ و بووک عەنبەری خێزانی نوێ کراوەتەوە ؛ سەبارەت بە مێژوو و سەردەمی مزگەوتەکە بۆ چەند جارێک نۆژەنکراوەتەوە (اسماعیل،١٩٨٤،ص ٢٤)؛ بەڵام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک لەو شیعرەی کەلەسەر دیواری مزگەوتەکە هەڵکۆڵدراوە ئاماژە بەوە دەدات کەلەسەردەمی (عبدالله کوڕی ئیمامی عومەر) دروستکراوە، بەڵام کۆتاجار لەسەردەستی خانزادی میری سۆران نۆژەنکراوەتەوە بەڵگەش بۆئەمە ، سیمایەی خانزادی میری سۆران لەوە دابووە کەوا هەر مزگەوتێکی نۆژەنکردبووایەوە دارچنارێکی تێدا دەچاند ودەرگای مزگەوتەکەی ڕووەو ڕۆژهەڵات دروست دەکرد (خۆشناو،٢٠١٨،لا١٤١)، مزگەوتەکە خۆی لەشێوە چوارگۆشەی دەبینێتەوە ، گرنگی شوێنەواری ئەو مزگەوتە لەنووسینی ئەو پارچە هۆنراوەیە دایە کە هەڵکەندراوە لەسەر دیواری مەدخەلی دەرگای مزگەوتەکە، باس لە ئاوەدانکردنی مزگەوتەکە دەکات لە ساڵی ( ١٣٠٤ ك / ١٨٨٦ ز ) لەلایەن میر محمود بەگ وبووک عەنبەری هاوسەری، گوایە گۆڕیان هەر لە شەقڵاوەیە لە نزیک مزگەوتەکە، وە نووسینی سەر دیوارەکەش کەوەک ئاماژەی پێکراوە لەسەر تابلۆیەکە بەدەستخەتی مەلا نەبی نووسراوە(وێنەی ژمارە ٧-٨).




(وێنەی ژمارە ٧) دەرگای سەرەکی و حەوشەی مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە

سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



(وێنەی ژمارە ٨) نووسینی مێژوو و سەردەمی دروستکردنی مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە
سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

### ٨. پێگەی شوێنەواری وکەلەپوری مەزارگەی مەلا خالید ( Site 8 ):

ئەم مەزارگەیە پێی دەڵێن (مەلا خالید) وە لەلایەن خەڵکی گوندەکە بە (مەلا خارند) ناوزەد کراوە؛ دەکەوێتە ناوەڕاستی گوندی ماوەران لە نێوان دۆڵێکدا نزیک لە گۆڕستانی کۆنی گوندەکە، پێ دەچێت کەسێکی زاناو بلیمەت بێت بەهۆی ئەوەی زۆر بەشێوازێکی ناوازە کێلەکانی دروست کراوە، وەکو ئاماژەیەک کە ئەم مەزارگەیە لەسەر کێلەکانی ناوی ( مەلا خالید لەسەر نووسراوە کەخۆی لەسەر شێوەی مەندیلی مەلایەتی و زانای ئاینی دەردەخات، وە بەردێکی خڕ هەیە لەسەرەوەی مەندیلەکە دانراوە کەوا ئاماژەیە بۆ ئیمام و پیاوی ئاینی، مەندیلەکە زیاتر بە مەندیلی مەولەوییەکان و متەسەوفی ئەنادۆل دەچێت کەوا بەشی سەرەوەی درێژەو بنکەکەی پانە( الدراجي،٢٠١٦،ص٢٣)، وەلەسەرەوەی ڕووی مەندیلەکە مێژووی دروستکردنی لەسەر هەڵکۆندراوە کە نووسراوە ( ملا خالد) لەبەشی پێشەوەی مەندیلەکە لەڕووی بنکەکەدا (وێنەی ژمارە ٨)، وەلەبەشی دواوەی مەندیلەکە لە بنکەی ڕووەکەی تردا نووسراو ( عمل عمر ) واتە ئەو مەندیلە لەلایەن کەسێک بووە بەناوی (عمر) دروستکراوە،وە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەتەنیشت ناوی وەستاکە ساڵی دروستکردن نووسراوە بەشێوەی هەڵکەندراو کە ( ١٢٣٧ك) نووسراوە واتە ( ١٨٢١-١٨٢٢ ز)، کێلەکە نزیکەی نیو مەتر لەژێر زەوی دایە، وەهەروەها نزیکەی (١.٦م) لەسەر زەوی دایە ؛ ئەستوری کێلەکە (١٨سم) دەبێت، پانی کێلەکە ( ٣١سم) دەبێت، وە درێژی مەندیلەکە (٣٢سم) دەبێت و پانی لە بەشی خوارەوە (٧٠سم) بەشێوەی بازنەیی دروستکراوە.



وێنەی ژمارە ٨) ڕووی دواوە و پێشەوەی مەندیلی کێلی مەزارگەی مەلا خالید
سەرچاوە : توێژەر ( سەردانی مەیدانی پێگەکەو ڕووپێوکردنی/ ٢٠٢٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤. زێدەڕۆیی و شێواندن و هەڵکۆینی نا زانستی شوێنەوارەکانی قەزای شەقلاوە:

هەر لە کۆنەوە ناوچە شوێنەوارییەکان دووچاری ئەم جۆرە زێدەڕۆیی و شێواندنە لەلایەن کەسانی ناپسپۆڕ بوونەوەتەوە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم کێشەیە تاوەکو ئێستا بەردەوامەو یاسا و ڕێکاری تایبەتی بۆ دەردەکرێت ،بەڵام دیاردەکە جۆرێک فۆرمولەی تایبەتی وەرگرتەوە و پاشماوە شوێنەوارییەکان لە مۆزەخانەکانی وڵاتان بە ئاشکرا نمایش دەکرێت (فتاح،٢٠١٨ ،لا ١٧١-١٧٢)، بەداخەوە لە عێراق بە گشتی و بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە بوونی هەیە، پرۆسەی سەوداکردن و گواستنەوەی پاشماوە شوێنەوارییەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە بەتایبەت لە وڵاتانی خاوەن شارستانیەتی کۆن وەکو عێراق و میسر، لەسەدەکانی ڕابردوو بەتایبەت سەدەی نۆزدەیەم زۆر بەچڕی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و گەریدە بیانییەکان هەڵمەتی گواستنەوەی پاشماوە شوێنەوارییە بەنرخەکانیان بۆ وڵاتی خۆیان دەستپێکرد ،لە دەستپێکی پرۆسەکە لەلایەن وڵاتانی فەرەنسا و بەریتانیا نوێنەرایەتی خۆیانیان دەنارد بۆ عێراق بۆ کنەو پشکنینی شوێنەواری لە سەرتاسەری وڵات، دوای دۆزینەوەی پاشماوەکان بە ئاسانکاری و ڕێگەپێدانی تایبەت لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی پارچە شوێنەوارییەکان دەگوازرانەوە بۆ وڵاتی خۆیان (Gibson & Russell, 2008,13 )، بۆیەش ناوچەی توێژینەوەش وەک هەر ناوچەیەکی تری وڵاتان ئاریشەی ئەم زێدەڕۆیی و شێواندنی ناوچە شوێنەوارییەکانی لێ بەدەرنەبووە، بەتایبەت لە ناوچە گۆڕستانەکان وگردەکان و ئەشکەوتەکان و پەناگە شاراوەکاندا بۆتە دیاردەیەکی زەق، وەکو نمونە لە گردی شوێنەواری زیوەر و ئەشکەوتی کاوانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و گرنگی نەدانی لایەنی پەیوەندار بە ناوچە شوێنەوارییەکان کە نەتوانراوە تاکو ئێستا ڕێگا چارەیەک بۆ ئەم گرفتە بگرنەبەر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٥. دەرئەنجام :

لە ئەکامی ئەم توێژینەوەیە ئەکادیمیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا :

1. بەگشتی سنووری ناوچەی پارێزگای هەولێر و بەتایبەت ناوەندی قەزای شەقڵاوە، جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی زۆری هەیە لەڕووی شوێنەواری و کەلەپوری، ئەگەرچی لە ڕابردوودا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق ڕووپێوی بۆهەندێک لە پێگە شوێنەوارییەکانی قەزای شەقڵاوە کراوە،بەڵام بە شێوەیەکی گشتگیر نەتوانراوە سەرجەم ناوچەکان تۆماربکرێن، زۆرترین داتاو زانیاری لەسەر کۆبکرێنەوە،بەڵام لەم توێژینەوەیەدا توانراوە چەندین پێگەی شوێنەواری و کەلەپوری تۆماربکرێن و داتاوزانیاریان لەسەر کۆبکرێتەوە.
2. هەڵکەوتەی جوگرافی قەزاکەش وەکو لایەنی تۆپۆگرافیا هۆکارێکی تر بووە بۆ ئەوەی نەتوانرێت زۆرترین ڕوومالّی ڕووپێوی ناوچە شوێنەوارییەکان بکرێت بەهۆی سەختی و بەرزی و چڕی دارستانەکانی زنجیرە چیای سەفین کە بە درێژایی سنووری قەزاکە درێژبۆتەوە و لە کۆندا وەکو پەناگەیەکی سەخت و شاراوە پشتی پێ بەستراوە.
3. ڕووپێوی شوێنەواری تەنها بریتی نیە لە تۆمارکردن و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان ؛ بەڵکو ئامانجی تریشی لەگەڵدا هاوپێچ کراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست دیاریکردنی لایەنی ژینگەیی و ژیاری هەر ناوچەیەک دەربخات لەسەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا.
4. بەکارهێنانی ئامرازە سەردەمیەکانی ئەمڕۆ وەکو دڕۆن و گرتنی وێنەی ئاسمانی (Satellite Image) و (GPS) هەموو ئەمانە وادەکەن ئاسانکاری تەواو بکرێت لە ئەنجامدانی پرۆسەی شوێنەوار، هەروەها لە قەزای ناوەندی شەقڵاوە چەندین پێگەی شوێنەواری تر هەن کە نەتوانراوە توێژنیەوەیان لەسەر بکرێت و لەم توێژینەوەیە باسبکرێت لەبەر سنوورداربوونی توێژینەوەکەم نەتوانرا لێرەدا ئاماژەیان پێ بکەم و شیکاری شوێنەواریان بۆبکەم، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە ناوچە شوێنەواری و کەلەپوریەکان کە شارستانیەت و سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی تێدا گوزەر کردوە، بۆیەم لەم خشتەی خوارەوە ئاماژە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێگەکانی شوێنەواری و کەلەپوری ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە کە پێویستیە لەداهاتوودا توێژینەوەیان لەسەر بکرێت:

(خشتەی پێگە شوێنەواری و کەلەپوورییەکانی شارۆچکەی شەقڵاوە بەگوێرەی ڕووپێوییەکان)

| ژ | ناوی پێگە شوێنەوارییەکە | ژمارەی پێگە لە ( المواقع الاثرية في العراق) ASI & AASI | ناوچە Area | گوند Village | کاری ڕووپێوی Survey Process |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەشکەوتی مار عۆدیش | Not- Recorded | چیای سەفین | شەقڵاوە | ئەنجام نەدراوە |
| ٢ | شوێنەواری گۆردیوان | 255 | ناوەندی قەزا | شەقڵاوە | ئەنجام نەدراوە |
| ٣ | قەڵاتە سۆر | 257 | شەقڵاوە | دەربەند | ئەنجام نەدراوە |
| ٤ | ئەشکەوتی مار یوسف | Not- Recorded | چیای سەفین | شەقڵاوە | ئەنجام نەدراوە |
| ٥ | گرد بالوکاوە | 16 | شەقڵاوە | لاسە | ئەنجام نەدراوە |
| ٦ | قەڵای میرە سین | 254 | شەقڵاوە | شەقڵاوە | ئەنجام نەدراوە |
| ٧ | مزارگەی مار انطونیوس | Not- Recorded | چیای سەفین | شەقڵاوە | ئەنجام نەدراوە |
| ٨ | قشمرني | 252 | ناوەندی قەزا | شەقڵاوە | ئەنجام نەدراوە |

5. ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی پشت گوێ خراوە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی پێگە شوێنەوارییەکان بەرەو نەمان و لەناوچوون بچن بەهۆی زێدەڕۆیی و داگیرکردنی ناوچەکان لەلایەن خەڵکەوە، سەرەڕای کاریگەری هۆکاری سروشتی بۆ سەر پێگەکان، بۆیە وا پێشنیار دەکەم کەوا لایەنی پەیوەندیدار پاڵپشتی دامودەزگاکانی شوێنەواری و فەرمانگە کارگێڕییەکانی قەزاکە بکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و تاکی کۆمەڵگە لەو سامانە نەتەوەییەی لە هەرێمەکەمان بەجێ ماوە و بۆتە بەشێک لە ناسنامەی گەلەکەمان لەگەڵ پاڵپشتی کردنیان بە دابینکردنی هەموو پێداویستیە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگەکان بۆ ئەنجامدانی زیاتری کاری ڕووپێوی شوێنەواری لەگەڵ دانانی چاودێری شوێنەواری و پاراستنی پێگە شوێنەوارییەکان.

## سەرچاوەکان :

## لیستی سەرچاوە کوردییەکان:

عبدالله، سۆران عبدالفتاح (٢٠٢٣)،پەیوەندی شوێنی نێوان ڕووپۆشی زەوی وبەرهەمی ئاوی ژێر زەوی لە قەزای شەقڵاوەو تواناکانی وەبەرهێنانی،زانکۆی کۆیە،لا٧٧ .

خۆشناو ، هێمن عمر (٢٠١٨)،شەقڵاوە و خۆشناو لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیتوتی کەلەپووری خۆشناوەتی،بەرگی یەکەم،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، لا١٤.

فتاح، عوسمان توفیق (٢٠١٨)، دەرهاویشتەی کاروچالاکییە مرۆییەکان لەسەر شوێنەوار، لە پارێزگای هەولێر بەنمونە، پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر، ئامادەکردنی : زێدان رشید برادۆستی و دڵشاد عزیز زامواـ ٨-٩/ ئایار/ ٢٠١٨، بەشی شوێنەوار کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین -هەولێر، لا١٧١-١٧٢.

حمید بەگ، عیماد ئەحمەد (٢٠٢١)، مێژووی شەقڵاوەی پێکەوە ژیان ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، لا ١٠١.

. قەشە أنیس ، یعوب تۆما (٢٠٢٥)،چاوپێکەوتن (شەقڵاوە) ،لەڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/٢ ، ناوبراو لە دایکبووی شەقڵاوەیە ساڵی ١٩٦٦ .

زاموا، دڵشاد عزیز (٢٠٠٩)،ئەشکەوتەکانی پارێزگای هەولێر شوێنەواری چاخی بەردینی کۆن و ناوەڕاست ( ٤٠٠٠٠-١٠٠٠٠ پ.ز ) ،ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، لا ٥٨٧-٥٨٨.

سەرتاش ، زرار عبدالله حمد (٢٠٠٩)، شەقڵاوە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، بەرگی یەکەم ، (جوگرافیا) ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ، لوبنان ، لا٣٤٢

گەورانی ، علی سەیدۆ (٢٠٠٠) ،لە عەممانەوە بۆ ئامێدی ، وەرگێرانی : تالیب بەرزنجی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، لا١٥٣.

سەعید، تەنکە عوسمان (٢٠١١)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای شەقڵاوە،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین ،کۆلێژی ئاداب ، هەولێر.

گۆزێ . قادر (٢٠١٤) ، من و شەقڵاوە ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، لا١٥.

## لیستی سەرچاوە عەرەبیەکان:

الحموي ، ياقوت (١٩٩٥) ، معجم البلدان ، ج٣ ، دار صادر ،بيروت ، ص٣٥٥.

العمري ، أبن فضل الله (٢٠٠٢)، مسالک الأبصار في ممالک الأمصار ، ج٣ ، المجمع الثقافي ، أبوظبي ،ص ٢٥٦.

باقر ،طه وفـؤاد سفر (١٩٦٦) ، المرشد الى مواطن والاثار والحضارة الرحلة الخامسة ،" بغداد-اربيل"، اصدرتها مديرية الفنون والثقافة الشعبية في الوزارة الثقافة الارشاد، بغداد ، ص١٠-١٣.

اسماعيل ، زبير بيلال (١٩٨٤) ،علماء و مدارس في اربيل ، مطبعة الزهراء الحديث ، الموصل ، ص٢٤.

البغدادي ، ابن عبدالحق (١٩٩١)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع ،ج٢ ، دار الجيل ، بيروت ،ص٨٠٦،

الدباغ، تقي (١٩٨٣)، طرق التنقيبات الاثرية ، بغداد .

الاب ازاد صبرى (٢٠٠٢)، كنائيس و مزارات اربل ، اربيل ، ص٢٦.

الجباري، امال هادي كاظم (٢٠١٦)، إستعمال تقنيات الإستشعار من بعد (RS) ونظم معلومات الجغرافية(GIS) في دراسة تغيرات الغطاء الأرضي لقضاء شقلاوة بين عام ( ١٩٨٤و٢٠١٤)،مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية،الملد (٣٣)،العدد(٣).

الدراجي ، سعدي ابراهيم : شواهد قبور الصوفية في تكايا بغداد، مجلة ( جامعة الانبار للعلوم الإنسانية)، عدد (٣) ، ٢٠١٦.

زخا ، مشيحا (٢٠٠٠) ، كرونولجيا اربيل ترجمة و تعليق ( عزيز عبدالاحد نباتي ) ، دار اراس للطباعة والنشر.

الشقلاوي ،الشماس ميخائيل منصور كوسا ( ٢٠٠١)، تأريخ شقلاوا ، مطبعة ماردين ، اربيل ، ص١١.

الصفار ، بحري سالم فتاح (٢٠٢٤) ،" الاهمية السياحية للمواقع التاريخية والدينية وسبل تنميتها في قضاء شقلاوة " ، (مجله ديالى للبحوث الانسانية) ، العدد(١٠١) ، مجلد (٢)، الطبعة الاولى ، ص٣٠١.

الطلبي، جمعة ( ٢٠٢١)، المسح الاثري ، بغداد.

## لیستی سەرچاوە بیانییەکان:

Braidwood, Robert. J. (1963), “Archeology.: *Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan.* Robert J. Braidwood and Bruce Howe,” *American Anthropologist* 65, no. 5:P 1184–86.

Elizabeth C. Stone. (2015), “An Update on the Looting of Archaeological Sites in Iraq.” *Near Eastern Archaeology* 78, no. 3: 178–86.

Fowler, M.J.F., (2013), Declassified Intelligence Satellite Photographs, [in:], Hanson, W.S., Oltean, I.A. (eds.), *Archaeology from Historical Aerial and Satellite Archives*, New York: Springer Science & Business Media: 47-66.

Gansell, Amy Rebecca. (2007), *"Identity and Adornment in the Third-Millennium Bc Mesopotamian 'Royal Cemetery' at Ur." Cambridge Archaeological Journal 17, no. 1: P29–46.*

Hanson, K. (2008). Catastrophe! The Looting and Destruction of Iraq's Past. *Oriental Institute of the University of Chicago*, 39(28), p.88

Kolinski, R. (2016), Upper Greater Zab Archaeological Reconnaissance Project. Report on the Field Activities in the Province of Erbil/Hawler for the 2016 Season.

Marta Navazo, and other (2017), Archaeological surveys today: Projects, methods and results. The case of Sierra de Atapuerca (Burgos, Spain), Quaternary International, Volume 435, Part B, Pages 5-12.

Martin, Alfredo Mederos (2019), "Qalinj Agha (Erbil, Kurdistan, Iraq) during the Northern Ubaid and Late Chalcolithic 1-3 (5300-3800 BC)." J. Gil Fuensanta y A. Mederos (Eds.): Orientalística En Tiempos Difíciles. VII Congreso Nacional Del Centro De Estudios Del Próximo Oriente (Madrid, 2016). Portico. Zaragoza., P 253–80.

Salman, I., (ed.), (1970), Archaeological Sites of Iraq, Baghdad: Directorate General of Antiquities, pp 20.

Scurlock J.A., (2002). Soul emplacements in ancient Mesopotamian funerary rituals, in: Ciraolo L.J., Seidel J.L., (eds.), *Magic and Divination in the Ancient World*, Leiden: Brill.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Archaeological Survey of The Archaeological and Heritage Sites in The City of Shaqlawa
## (Selected Samples)

**Aram Faruq Abdullah**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: aram.faruq@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Abdullah Bakr Othman**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Abdullah.othman@su.edu.krd

## Abstract
Archaeological survey in the district of Shaqlawa is practically and critically important to ensure that archaeological sites serve as key points for the topics of historical research, while also acting as a necessary alert to ensure the protection of these sites from looting and the safeguarding of their preservation from non-specialists and unskilled individuals. The life of civilizational prosperity in the region. This study relates to conducting archaeological and heritage surveying of the archaeological sites in the district of Shaqlawe, using a field method where for the first time in these boundaries an academic and scientific archaeological survey will be carried out; with a focus on the historical and geographical aspects of the area, the main aim is to research, document, and preserve the archaeological and heritage sites by applying fieldwork and examining the various types of archaeological sites such as caves and shelters, archaeological settlements, residential areas, cemeteries, ruins, castles, and walls, then focusing on both ancient and modern archaeological works in the region; ultimately, the focus will be on implementing the key landmark in the most important archaeological and heritage sites in the district of Shaqlawe, which will be of great significance for researchers and specialists in history, serving as a benefit for the study of this area in terms of increasing historical

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

knowledge and extracting aspects of ancient life and flourishing civilization in general.

***Keywords:*** *Archaeological Survey, Aims and recent Techniques, Data Indicated and Analysis of Sites.*

## المسح الاثري للمواقع الاثرية والتراثية في مركز قضاء شقلاوة
## ( نماذج مختارة)

**ملخص:**
يُعد المسح الأثري في قضاء شقلاوة ذا أهمية عملية وحاسمة لضمان أن تخدم المواقع الأثرية كنقاط محورية لموضوعات البحث التاريخي، بينما تعمل أيضاً كتنبيه ضروري لضمان حماية هذه المواقع من النهب وصون حفظها من غير المتخصصين والأفراد غير المهرة. إن حياة الازدهار الحضاري في المنطقة.
تتعلق هذه الدراسة بإجراء المسح الأثري والتراثي للمواقع الأثرية في قضاء شقلاوة، باستخدام منهج ميداني حيث سيتم لأول مرة في هذه الحدود تنفيذ مسح أثري أكاديمي وعلمي؛ مع التركيز على الجوانب التاريخية والجغرافية للمنطقة. إن الهدف الرئيسي هو البحث وتوثيق وحفظ المواقع الأثرية والتراثية من خلال تطبيق العمل الميداني وفحص الأنواع المختلفة من المواقع الأثرية مثل الكهوف والملاجئ، والمستوطنات الأثرية، والمناطق السكنية، والمقابر، والخرائب، والقلاع، والأسوار، ثم التركيز على الأعمال الأثرية القديمة والحديثة في المنطقة؛ وأخيراً، سينصب التركيز على تطبيق المعلم الرئيسي في أهم المواقع الأثرية والتراثية في قضاء شقلاوة، مما سيكون له أهمية كبيرة للباحثين والمتخصصين في التاريخ، ليكون بمثابة فائدة لدراسة هذه المنطقة من حيث زيادة المعرفة التاريخية واستخراج جوانب الحياة القديمة والحضارة المزدهرة بشكل عام.